www.kurdistannet.org

# چەند بیرەوەری یەکی ڕۆژانی ڕەشی ئەنفـال

**ئارام عەزیز**

**AlanyAllan@msn.com**

لە سەرەتا دا، ئەو هێرشە دڕندەیەی ڕژێمی فاشستی بەعس چ لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە و چ لە لایەن خودی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردەوە بە هێرشێکی دیکەی ڕژێم بۆ سەر سەنگەرەکانی هێزی " پ م"ی کوردستان ، بە تایبەتی سەرکردایەتی" ی ن ک" لێکدرایەوە نەك بە ئەنفال کردنی گوندنیشینە بێتاوانەکان.

بە چەند هەفتەیەك پێش دەستپێکردنی ئەنفالی یەك١،دەنگ و باسی ئەم هێرشە بڵاو بویۆوە بۆیە پێش وەخت هێزی" پ.م" ی گەرمیان لە دەوروبەری بارەگاکانی سەرکردایەتی خۆی کۆکردبۆوە بۆ بەرەنگاری شاڵاوێکی فراوانی چاوەڕوانکراوی ڕژێمی بەعس.

مەبەستی سەرەکی ڕژێم لەم پیلانەی دەست بەسەراگرتنی ناوچەکانی سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، یاخسەمەر و هەروەها دەوروپشتی ئەو ناوچانە بوو کەبۆ هێزی "پ.م" و مەڵبەندی سەرکردایەتی جێ و شوێنی ستراتیژی شۆڕش بوو وە بۆ ڕژێمی بەغدا بە سەرچاوەی بەردەوام بوونی سنووری پەیوەندی نێوانی شۆڕشی کورد و جمهوری ئیسلامی ئێران ناسرابوو . لەپێناو دەست بەسەراگرتن و کۆتایی هێنان بەم سەرچاوە یارمەتی دەرە سیاسی و ئابوری و چەکداری و ڕاگەیاندنە، ڕژێم هێزێکی بێ ئەژمار لە چەکدار و پێداویستی جەنگی ی سەر بە فەیلەقی یەك و پێنجـی لە ناوچەکانی دووکان و سورداش و سووسێ و تاسلوجە و کارێزە و شارباژێر و مەریوان و ماوەت ...هتد کۆکردەوە هەتا گرتنی بارەگەکانی سەرکردایەتی ی ن ك و هەندی لایەنی تر لەو ناوچانە بکات بە کلیلی سەرکەوتنی نەخشە و پیلانە گڵاوەکانی ئەنفـال.

لە بەرەبەیانی <u>١٩٨٨/٢/٢٢</u> ڕژێم هێرشێکی گەورە و بەربڵاوی بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی، تۆپی قوورس، تانك و زرێپۆش و دەیان هەزار سەرباز و جاش و چەکداری کوردی بەکرێگیراو لە ژێر ناوی " **<u>ئەنفـالـی یەك</u>**

www.kurdistannet.org

١" وه به **سەرکردایەتی تاوانبار " نـزار الخـزرجـی"** ، سەرۆك فەیلەقی یەك، کردە سەر سەنگەرەکانی پ.م و گوندنیشینەکانی ئەو ناوچانە.

لەیەکەم هەفتەی هێرش و پەلاماری بێ ووچانی ئەنفالی یەکدا ڕژێم نەك تەنها سەرکەوتوو نەبوو بەڵکو لە چەندین قۆڵی شەڕەکەوە شکستی هێنا و کوژراو دیلی زۆری هەبوو. سەرنەکەوتنی ئەو هێزە زلەی دوژمن لە دوو هەفتەی شەڕی ئەنفالی یەکدا ١ ، سەرانی بەعسی ، بەتایبەتی عەلی حەسەن مەجید و سەدامیشی ناچار کرد کە سەردانی کوردستان بکەن و کۆببنەوە لەگەڵ سەرکردەی ئەو شەڕانە بۆ داڕشتنی پلانی بەهێزتر دژی هێزی پ ـ م و دێهات نشینەکانی کوردستان. سەرانی حیزبە کوردی یەکان لەوە گەییشتن کە ڕژێم نیازی کۆڵدان و پاشە کشەی نییە دوای شکستەکانی لە ئەنفالی یەلدا، بۆیە کەوتنە داڕشتنی نەخشەی چەند هێرشی چەکدارانە بۆ سەر مۆڵگەکانی بەعس لە ناوچەکانی تردا بە ئومێدی ئەوەی کە دوژمن ئەو هێزەی زۆرەی کە بۆ ئەنفالی یەکی کۆکردبۆەوە پەرش و بڵاوی بکاتەوە . بۆ ئەم مەبەستەش سەرانی حیزبە کوردی یەکان داوایان لە گەلی کوردستان و چەکدارە کوردەکانی سەر بە ڕژێم کرد کە پشگیری لە پ ـ م بکەن و ڕاپەرین کە دژی پلانەکانی بەعس لە ئەنفال دا. وا داواشیان لە ئێران کرد بۆ کۆمەك کردنیان بە مەبەستی هێرش دژی سیاسەتەکانی بەغداو وە هاوکاری پ ـ م .

پێم وایە ڕاپەرینی خەڵکی هەڵەبجە ش ئاکامی ئەو پیلانەی سیاسەتەکانی حیزبە سیاسی یە کوردی یەکان بوو. بەڵام نەخشەکانی ڕژێم بۆ قەڵاچۆکردنی گەلی کورد لە زنجیرە ئەنفالێکدا گەلێك لەوەی سەرکردایەتی شۆرشی کورد بەهێزتر بوو. حکومەتی عێراق کە بۆی دەرکەوت لە شەڕی سێ هەفتەی بێ ووچانی ئەنفالی یەك دا سەرکەوتوو نابێت، بڕیاری بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بۆ یەکەم جار دا لە دژی بارەگاکانی پ . م و دانیشتووانی دێهاتەکانی سەرگەڵوو، بەرگەڵوو ، دۆڵی جافەتی و دەوروپشتی ، بەڵام زیانەکان تەنها بریندار بوونی چەند پ . م و چەند هاووڵاتی یەك و سووتانی چەند درەختێك و لە ناوبردنی چەند ئاژەڵێك بوو . لە سەرەتای ، **مانگی سێ ٣ ی** هەمانساڵدا سەرکردایەتی یەکێتی و حیزبی شیوعی عێراقی بەییاننامەیەکیان بە هاوبەشی ڕاگەیاند و تێیدا ئاماژەیان بۆ بەکارهێنانی ئەو چەکە کوشندەیە کرد کە لە لایەن بەعسەوە بەکار هێنرابوو وە داوایان لە جیهان و بە تایبەت لە یە کێتی سۆڤیەتی ئەو کاتە کرد کە فشار بخاتە سەر ڕژێمی عێراق بۆ وەستاندنی بەکارهێنانی ئەو چەکە قەدەغە کراوە و ڕاگرتنی شاڵاوی ئەنفال لە دژی گەلی کورد و شۆڕشەکەی ،بەڵام جیهانی کەڕ و لاڵ خۆی لە ئاستی ئەو تاوانەی دڕندانەیەی ڕژێمی عێراق بێ دەنگ کرد. ئەو بێ دەنگی یەی جیهان بەرامبەر بە عێراق لەمیانەی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لە ئەنفالی یەك دا، بووە

www.kurdistannet.org

هۆی هاندانی سەرەکی ڕژێم بۆ بەکارهێنانی چەند بارەی ئەو چەکە کووشندەیە لە دژی خەڵکی هەڵەبجە و ناوچەکانی ترو بارەگانی هێزی پ . م ی کوردستان .

بێگوومان ئەو کۆمەڵکووژی یەی هەڵەبجە و کیمیابارانکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پ . م و هێرش و پەلاماری بێ ووچانی یەك مانگەی دوژمن لە ئەنفالی یەك ١ دا کاریگەریەکی دەروونی و ماددی یەکجار زۆری کردبووە سەر هێزی پ . م ی کوردستان بۆیە پارت و ڕێکخراوە سیاسی یەکان بە تایبەتی ی ن ك بڕیاری چۆڵکردنی ئەو ناوچە ستراتیژییەی دا بەو نیازەی کە ڕژێم دەست بەرداری هێرش و ئەنفال کردن ببێت ، وە هێزی پێشمەرگە بڕوات بۆ ناوچەکانی تری کوردستان . بەڵام ئەو نەخشەیەش سەرکەوتوو نەبوو ئەگەر چی زۆربەی خەڵکی ناوچەکانی سورداش، کارێزە، شارباژێر و دەورووپشتیان بە چەند ڕۆژێك پێش هێزی پێشمەرگە چۆڵیان کردبوو." لە ئەنفالی یەك دا چەند گووندنشینێکی کەم لە لایەن ڕژێمەوە دەستگیرکرابوون".

پاش سێ ڕۆژ لە چۆڵکردنی ئەم ناوچانە ڕژێمی بەغدا سەرکەوتنی ئەنفالی یەکی ١ لە دژی گەلی کورد و هێزی پ . م لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیەوە بە جیهان ڕاگەیاند.

لەو کاتەی ئەو پێشمەرگانەی کە لە شەرەکانی ئەنفالی یەك١ دا دەگەڕانەوە ناوچەکانی قەرەداغ و گەرمیان ، ڕژێمی بەعس دیسانەوە هێرشێکی بەربڵاوی بە ناوی "**<u>ئەنفالی دوو ٢</u>**" وەوە کردە سەر ئاوایی یەکانی سنووری قەرەداغ و دەربەندیخان کە بارەگاکانی پ . م و مەڵبەندی یەکی ی ن ك لێ بوو.

لە دوای هێرشێکی چەند شەو و ڕۆژەییدا بە پاڵپشتی چەکی کیمیاوی لە دژی دانیشتووانی دێی سێوسێنان و بەلەکجاڕ و بارەگاو سەنگەرەکانی پ . م کە لە ئەنجامداچەندین هاووڵاتی و پ . م شەهید و بریندار بوون، دووژمن کۆتایی بە ئەنفالی دوو ٢ هێنا.

سەرکردایەتی ، هێزی " پ . م" ی دیوی قەرەداغ و گەرمیانی کۆکردەوە بۆئەوەی بتوانێ هێرشێکی دژ بکەنە سەر دوژمن بە مەبەستی ڕزگارکردنی زنجیرە چیاکانی دەربەندیخان و قەرەداغ و سەنگاو و دەورووپشتی کە بڕبڕە پشتی هێزی پێشمەرگەی ناوچەکە بوون بۆ ئامرازی کاری چەکدارانە، بەڵام بەرگری کردن و هێرش کردنی لەو شێوەیە بێ سوود بوو، چونکە لەلایەك دووژمن هێزێکی فراوانتری بۆ **<u>" ئەنفالی سێ"</u>** ئامادەکردبوو وە لە لایەکی ترەوە ، شەڕو پێکدادانی دوو مانگەی ئەنفالی یەك١ و دوو٢ کە بوویووە هۆی ماندووبوونی هێزی پ . م و لە دەست دانی زۆربەی چەك و پێداویستییەکانی تری شەڕ لە بارەگاکانی سەرکردایەتی و مەڵبەندی یەك لە ناوچەی قەرەداغ ، چی تر پاراستنی ناوچەکانی قەرەداغ و گەرمیانیش لە توانای پ م بە دی نەدەکرا.

www.kurdistannet.org

ئەوە بوو ڕژێم لە هێرشێکی ١٥ قۆڵیدا بۆ سەر ناوچەکانی گەرمیانی دەست پێکرد. لە پاش یەك هەفتە شەڕی خوێناوی لە ١٩٨٨/٤/١٤ دا ڕژێم ئاهەنگی شەرمەزاری **ئەنفالی سێ٣** ی ڕاگەیاند. لەو ئەنفالەدا زووربەی زۆری دانیشتووانی ئاوایی یەکانی گەرمیان و ئە و خەڵکانەی کە لە ئەنفالی دوو٢ دا ڕزگاریان بووبوو و هاتبوونە دییوی گەرمیان لە لایەن هێزەکانی ڕژێمەوە دەستگیرکران. دەتوانم بڵێم کارەساتی ئەنفالی سێ٣ بە گەورەترین پەلامار و هۆکاری دڕندانەی بەعس دەژمێررێ کە شۆڕشی نوویێ کوردی تووشی شکستەیی کرد لە ناوچەکانی گەرمیان دا. ئەو هێزەی پێشمەرگە لە شەری دوو مانگەی هەر سێ ئەنفالی بێ پشوودا پەرت و بڵاو و بێ هێز بووبوو لە چەند دۆڵ و بەرزایی یەکانی لای هەزارکانی ، تەپەگەروس، هەنارە، سەگرمە، و...هتد دا کۆبووبوونەوە وە دووژمن تەواوی ڕێگاوبانەکانی لێگرتبوون و تەنانەت ئەو هێزە پووچەڵەی ڕژێم داوای خۆبەدەستەوە دانی لەو هێزەی پ . م نەدەکرد کە پێش ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی چۆکی بە ڕژێم دادابوو.

هێزەکەی ڕژێم ئابڵووقەی هێزی پ . م لەم ناوچانەدا دابوو؛

١ـ جادەی کەلار/ سلێمانی

٢ـ جادەی کەلارـ کفری تا دووز

٣ـ جادەی دووزـ کەرکووك

٤ـ جادەی نەوجوول ـ قادر کەرەم تا سەنگاو

٥ـ جادەی کەرکوك ـ چەمچەماڵ ـ سلێمانی

٦ـ جادەی سەنگاو ـ چەمچەماڵ

٧ـ ناوچەی قەرەداغ و جادەکانی دەوروبەری.

لێرەدا نامەوی ناوی کەس بهێنم بە لام بۆ مێژوو دەگێرمەوە ،لەو بارودۆخەدا ، کۆمەڵێك لەسەرکردە و فەرماندەکان لە نێو هێزی پێشمەرگەدا ڕایان گەیاند کە کێ دەتوانێ خۆی ڕزگارکات بە هەر شێوەیەك بێت ، گەر خۆبەدەستەوەدانیش بێت، ڕەخنەی لێ ناگیرێت و با بفەرموێت؛ بەڵام هەر لەو کاتەدا و لە شەوێکی سەختدا **شەهید حەمە ڕەش** ئەرکی ڕزگارکردنی ئەو هێزەی گرتە ئەستۆ و سەدان کەسی بە شێوەیەکی قارەمانانە لە نێو جەرگەی هێزەکانی دووژمندا گەیاندەوە پشتی چەمچەماڵ و لەو گەمارۆیە ڕزگاری کردن بەڵام سەد مەخابن ئەو ڕزگارکردنە یەکجاری نەبوو چونکە ڕژێم **ئەنفالی چوواری ٤** لە دژی دانیشتووانی دەشتی کەرکوك، شوان، گۆپتەپە و .. هتد بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی **سەرۆك فەیلەقی یەك** ١ دەست پێکرد.

www.kurdistannet.org

لەو هێرشەدا ڕژێمی فاشستی بەغدا چەکی کیمیاوی لە دژی دانیشتووانی گۆپتەپە و زێ ی زمێ و هەتا دێ ی قەسرێ بەکار هێنا  کە بووە هۆی شەهید بوون و بریندارکردنی چەندین هاووڵاتی و پێشمەرگە.